## بۆ بەرێزان لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی عێراق،
## بۆ مەکتەبی هەڵبژاردنی ئەلمانیا،

### بابەت: نارەزایی

خوشک و برایانی بەرێز لە کۆمیسیۆنی باڵا،
بەرێز هیشام سوهەیل، سەرۆکی مەکتەبی هەڵبژاردنی ئەلمانیا،
ئێمە بەو نامەیە نارەزایی خۆمان بەرامبەر بە بڕیاری دوورخستنەوەی نزیکە 4000 دەنگ لە بنکەکانی هەڵبژاردنی ئەلمانیا دەردەبڕین. دوورخستنەوەی ئەو دەنگانە بە بێ ئاشکراکردنی هۆیێکی دیار و رۆشن، بە پێشێلکردنی مافی هاوڵاتیی ئەو چوار هەزار کەسەو بە کارێکی نارەوا دەزانین. دەستووری نوێی عیراق، کە عێراقی نوێێ فیدرالی لەسەر دامەزراوە، مافی هاوڵاتی لە هیچ عێراقییێکی ئاوارە نەسەندۆتەوەو، هیچ یەکێکێش لەو عێراقییانە، کە زۆربەیان هاووڵاتی کوردن، داوای ئیسقاتی رەگەزنامەی عێراقییان نەکردووە، بەڵام ئێوە بەو بڕیارەتان مافی هاوڵاتیی ئەو عێراقییانە پێشێل دەکەن.
بۆیە داوا لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن دەکەین، چاو بەو بڕیارەی بگێڕێتەوەو ئەم چوارهەزار دەنگە رەچاو بکات و زولم لەو عێراقییە ئاوارانە نەکات، کە پێشتریش زولمی زۆریان لە دەستی رژێمی بەعس و بارودۆخی ئاوارەیی چەشتووە.

لەگەڵ رێزی زۆرمان

عەبدولمومین دەشتی، راسپێردراوی فەرمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ کاروبارەکانی هەڵبژاردن بەرامبەر مەکتەبی هەڵبژاردن لە ئەلمانیا.
لەیلا موحەممەد رەسول، راسپێردراوی فەرمی پارتی دیمۆکراتی کوردستان بۆ کاروبارەکانی هەڵبژاردن بەرامبەر مەکتەبی هەڵبژاردن لە ئەلمانیا.
مارف موحەممەد ئەمین، راسپێردراوی فەرمی حیزبی شوعی کوردستان بۆ کاروبارەکانی هەڵبژاردن بەرامبەر مەکتەبی هەڵبژاردن لە ئەلمانیا.
حوسێن رەسول، نوێنەری حیزبی سوسیالیستی دیمۆکراتی کوردستان لە ئەلمانیا

بەرلین
2010/03/13